<table>
<tr><th>English</th><th>کوردی سۆرانی /Kurdish Sorani</th></tr>
<tr><td>Health care for asylum seekers and refugees in Scotland</td><td>چاودێری تەندروستی بۆ داواکارانی پەنابەری و پەنابەران لە سکۆتلاندە</td></tr>
<tr><td>In Scotland, most health care is provided by the National Health Service (NHS). Everyone who lives legally in Scotland has a right to some NHS care, no matter what nationality they are.<br>If you are an asylum seeker or a refugee living in Scotland, this factsheet tells you how you can get health care from the NHS while you are here.</td><td>زۆربەی چاودێری تەندروستی لە سکۆتلاندە لەلایەن National Health Service (خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی (NHS) دابین دەکرێت.<br><br>هەموو ئەوانەی بەشێوەیەکی یاسایی لە سکۆتلاندە دەژین، هەر چیەك بێ ڕەگەزنامەیان، مافی ئەوەیان هەیە هەندێ چاودێری تەندروستی لە NHS وەربگرن. گەر تۆ داواکاری پەنابەریت یاخود پەناهەندەیت و لە سکۆتلاندە دەژیت، ئەوا ئەم نامیلکەیە ئەوەت بۆ روون دەکاتەوە کە چۆن دەتوانیت لەکاتی مانەوەت لێرە چاودێری تەندروستی لە NHS وەربگریت.</td></tr>
<tr><td>I am seeking asylum. Can I get health care from the NHS in Scotland?<br>• You can get health care from the NHS if:<br>    o your application for asylum is being considered, or<br>    o you have been refused asylum and you are appealing against the decision.</td><td>من داوای پەنابەریم کردووە. ئایا دەتوانم لە سکۆتلاندە چاودێری تەندروستی لە NHS وەربگرم؟<br>• دەتوانیت چاودێری تەندروستی لە NHS وەربگریت ئەگەر:<br>    o داواکەت بۆ پەنابەری سەیر کرابێت، یاخود<br>    o داواکەت بۆ پەنابەری ڕەت کرابێتەوە و بریارەکەت ئەپیل کردووە.</td></tr>
</table>

## I have been granted asylum. Can I get health care from the NHS?

- You will continue to get health care from the NHS if you have been:
  - given the right to stay in the UK as a refugee
  - granted humanitarian protection, or
  - granted discretionary leave.

## داواکەم بۆ پەنابەری قبول کراوە. ئایا دەتوانم چاودێری تەندروستی لەNHS وەربگرم؟

- چاودێری تەندروستی لە NHS بەردەوام دەبێت ئەگەر:
  - مافی مانەوەت لە بەریتاینا وەك پەنابەر پێ بەخشرابێت
  - مافی مانەوەت پێ بەخشرابێت لەسەر بنەمای پاراستنی مرۆڤانە، یاخود
  - مافی مانەوەی تایبەتت پێ بەخشرا.

## I have been refused asylum. Can I get health care from the NHS in Scotland?

- If you have been refused asylum, and any appeals against the decision have also failed, you can still get health care from the NHS while you are in Scotland.

## داواکەم بۆ پەنابەری رەت کراوەتەوە. ئایا دەتوانم لە سکۆتلاندە چاودێری تەندروستی لە NHS وەربگرم؟

- ئەگەر داواکەت بۆ پەنابەری رەتکرایەوە هەروەها گشت ئەپیلەکانیشت دژ بە بریارەکە سەرکەوتوو نەبوو ئەوا هێشتاکە دەتوانیت لەماوەی مانەوەت لە سکۆتلاندە چاودێری تەندروستی لە NHS وەربگریت.

## What do I need to do to get health care from the NHS?

- You need to find a family doctor as soon as possible after you arrive in Scotland, and ask them to register you as an NHS patient. You will not have to pay for this.

- In Scotland, family doctors are often called General Practitioners or GPs. They work in GP surgeries, practices or health centres.
- The GP will decide if you can register as an NHS patient and if you can get NHS treatment free.
- The GP will help you look after all your health needs. They will decide if you need to see another health professional – for example a hospital doctor, or someone in mental health or maternity services. If you do, the GP will make the appointment for you.

## ئایا دەبێ چی بکەم تاوەکو چاودێری تەندروستی لە NHS وەربگرم؟

- دەبێ بە زووترین کات دوای گەیشتنت بۆ سکۆتلاندە خۆت لای دکتۆرێکی خێزانی ناونووس بکەیت، داوایان لێ بکە کە وەك نەخۆشێك NHS تۆمارت بکەن. ئەوساکە پێویست ناکات پارە بدەیت.

- لە سکۆتلاندە دکتۆری خێزانی زۆر جار بەناوی General Practitioners یان GP (دکتۆری گشتی) ناو دەبرێن. ئەمانە لە دیدەنگای پزیشکی یان بنکەکانی تەندروستی کاردەکەن.
- دکتۆری GP بڕیار دەدات ئایا دەتوانی وەك نەخۆشێکی NHS ناوت تۆمار بکرێت، هەروەها دەتوانی عیلاجی NHS وەربگریت یان نا.
- دکتۆریGP یارمەتیت دەدات کە ئاگاداری پێداویستیەکانی تەندروستیت بیت. ئەو بریار دەدات ئایا پێویستە شارەزایانی تری تەندروستی ببینیت یان نا، بۆ نموونە، دکتۆری نەخۆشخانە یان کەسێك لە خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی دەروونی یان دایکایەتی و منالبوون. ئەگەر پێویست بوو ئەواGP خۆی مەوعیدیت بۆ دیاری دەکات.
-

- If you are getting support from the UK Border Agency, they may ask you to register with a particular GP surgery.
- If you are not getting support from the UK Border Agency, Scottish Refugee Council may be able to help you find a GP surgery and make an appointment for you to register. See page 7 for how to contact Scottish Refugee Council.
- You can also phone the NHS inform Helpline on 0800 22 44 88 or look on the internet (www.nhs24.com) to find a GP surgery. The NHS helpline can provide an interpreting service.
- When you have found a GP surgery, contact them and make an appointment to register as an NHS patient.
- If you need an interpreter, ask the GP surgery to arrange this for you. When you make an appointment, tell them what language you prefer to use.

- ئەگەر لەلایەن UK Border Agency (ئاژانسی سنووری بەریتانیا) یارمەتیت پێ دەبەخشرێت ئەوا لەوانەیە داوات لـێ بکات کە خۆت لای دیدەنگایەکیGP دیاریکراو ناونووس بکەیت.
- ئەگەر یارمەتیەکەت لەلایەن UK Border Agency وە نەبێت، Scottish Refugee Council (ئەنجومەنی پەنابەرانی سکۆتلاندی)  واهەیە بتوانێت یارمەتیت بدات کە دیدەنگایەکیGP بدۆزیتەوە و یارمەتیت بدات مەوعیدێکیان لەگەڵدا دابنێت بۆئەوەی بچیت خۆت ناونووس بکەیت. بۆ چۆنیەتی پەیوەندیکردن بە Scottish Refugee Council سەیری لاپەرە 7 بکە.
- هەروەها دەتوانیت تەلەفۆن بکەیت بۆ NHS inform Helpline  لەسەر ژمارە تەلەفۆنی 0800 22 44 88 یان سەردانی ماڵپەری www.nhs24.com بکە بۆ دۆزینەوەی دیدەنگای دکتۆری GP. هێڵی یارمەتیNHS دەتوانێت موتەرجیمت بۆ دابین بکات.
- هەر کە دیدەنگای GP یت دۆزیەوە پەیوەندیان پێوە بکە تاوەکو خۆت وەک نەخۆشێکی NHS ناونووس بکەیت.
- ئەگەر موتەرجیمت پێویست بوو داوا لە دیدەنگای GP یەکە بکە تاوەکو ئەمەت بۆ رێك بخات. کە مەوعید دەکەیت پێیان بلـێ حەز دەکەیت بە چ زمانێك قسە بکەیت.

## What happens when I register as an NHS patient?

- When you go to the GP surgery, the staff will ask you for some personal information – for example, your name, address and date of birth.

- The staff will ask to see some documents to help them decide if you can register as an NHS patient. If you need hospital care, staff at the hospital will also ask to see these document.
  - **If you are seeking asylum**, NHS staff may ask you to show:
    - your Application Registration Card (ARC) – you may have been given this card at your asylum screening interview, or
    - documents from the UK Border Agency saying that you have applied for asylum.

## چی روودەدات کاتێك خۆم وەك نەخۆشی NHS ناونووس دەکەم؟

- کە دەچیتە عیادەی GP, کارمەندان داوای هەندێ زانیاری تایبەتیت لـێ دەکەن، بۆ نموونە، ناو و ناونیشان و بەرواری لە دایك بوونت.

- هەروها کارمەندان داوای هەندێ بەڵگەنامەت لـێ دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن بریار بدەن ئایا دەتوانیت خۆت وەك نەخۆشی NHS تۆمار بکەیت یان نا. ئەگەر پێویستت بە چاودێری نەخۆشخانە هەبوو ئەوا کارمەندانی نەخۆشخانەش داوای ئەم بەلگەنامانەت لـێ دەکەن.
  - **ئەگەر داوای پەنابەریت کردبێت**، ئەوا لەوانەیە کارمەندانی NHS داوات لـێ بکەن کە ئەمانەیان پیشان بدەیت:
    - کارتی Application Registration Card (ARC) (کارتی تۆمارکردنی داوا). لەوانەیە ئەم کارتە لەکاتی چاوپێکەوتنەکەی پەنابەریتدا پێت درابێت، یاخود
    - بەڵگەنامە لە UK Border Agency یەوە، کە دیاری بکات تۆ داوای پەنابەریت کردووە.

- **If you are a refugee**, they may ask you to show:
    - your passport
    - your travel document, or
    - a letter from the Home Office that says you are allowed to stay in the United Kingdom.
- If you don't have the documents they ask for, staff at the GP surgery won't be able to register you as an NHS patient.

- **ئەگەر پەنابەر بیت**، لەوانەیە داوات لـیّ بکەن ئەمانەیان پیشان بدەیت:
    - پاسپۆرتەکەت
    - تراوڵ دۆکیومەنتەکەت، یا
    - نامەی Home Office (وەزارتی ناوخۆ) کە ئەوە پیشان بدات تۆ مۆلەتت هەیە لە شانشینی بەریتانیا بمێنیتەوە.
- ئەگەر بەڵگەنامەی داواکراوت پیّ نەبوو ئەوا کارمەندانی دیدەنگای GP ناتوانن وەك نەخۆشی NHS ناونووست بکەن.

## When I am registered as an NHS patient, is all health care free?

**If you are a refugee**

- **A lot of your health care will be free**. But you may need to pay for some things – for example, some dental treatment.
- For more information about help with health costs, see the leaflet 'A quick guide to help with health costs' (HCS2). This leaflet tells you if you can get free treatment or help with the costs. It is available from citizens advice bureaux and Jobcentre Plus offices. You can also find it on the internet (www.scotland.gov.uk/healthcosts).

**If you are seeking asylum and you get asylum support from the UK Border Agency**

- The UK Border Agency will give you an HC2 certificate. This shows you don't need to pay for your health care.

**If you are seeking asylum and you don't get asylum support from the UK Border Agency or if you have been refused asylum**

- You will need to fill in an HC1 form to apply for an HC2 certificate. This shows you don't need to pay for your health care.

## ئایا کە خۆم وەك نەخۆشی NHS ناونووس کرد هەموو چاودێری تەندروستی بە خۆرایی دەبێت؟

**ئەگەر پەنابەر بیت:**

- **زۆربەی چاودێری تەندروستیت بە خۆرایی دەبێت**. بەڵام لەوانەیە پارەی هەندیّ شت بدەیت- بۆ نموونە، هەندیّ چارەسەری ددان.
- بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە یارمەتی بۆ خەرجیەکانی چاودێری تەندروستی سەیری نامیلکەی (HCS2) 'A quick guide to help with health costs' (رابەرێکی خێرا بۆ یارمەتیدان لە خەرجیەکانی تەندروستی). ئەم نامیلکەیە ئەوەت بۆ دیاری دەکات ئایا دەتوانیت چارەسەر بەخۆرایی وەربگریت یان خەرجیەکانی تەندروستیت بۆ بدرێت. ئەمە لە citizens advice bureaux (بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان) و ئۆفیسەکانی Jobcentre Plus (بنکەی کار پلاس) دەست دەکەوێت. هەروەها دەتوانیت لەسەر ئینتەرنێت سەردانی ماڵپەری (www.scotland.gov.uk/healthcosts) بکەیت و لەوێدا بیاندۆزیەوە.

**ئەگەر تۆ داوای پەنابەریت کردبێت و یارمەتی پەنابەری لەلایەن UK Border Agency یەوە وەربگریت**

- The UK Border Agency پڕوانامەیەکی HC2 ت پی دەدات. ئەوە نیشانی دەدات کە پێویست ناکات کە بۆ چاودێری تەندروستی پارە بدەیت.

**ئەگەر تۆ داوای پەنابەریت کردبێت بەڵام یارمەتی پەنابەری لەلایەن (UK Border Agency) یەوە وەرنەگریت یا خود ئەگەر داواکارییەکەت دراوەتە دواوە،**

- دەبیّ فۆرمی HC1 پر بکەیتەوە بۆ ئەوەی داوا بکەیت بەلگەنامەی HC2 ت پیّ ببەخشرێت. بەم بەلگەنامەیە پێویست ناکات پارەی تێچووەکانی چاودێری تەندروستی بدەیت.

| | |
|---|---|
| ○ You can get an HC1 form from a Jobcentre Plus office, an NHS hospital, or by phoning 0845 850 1166.<br>○ Scottish Refugee Council may also be able to help you with this. See page 7 for how to contact Scottish Refugee Council. | ○ فۆرمی HC1 لەلایەن ئۆفیسی (Jobcentre Plus) یان نەخۆشخانەی سەر بە (NHS) دەست دەكەوێت یاخود دەتوانیت داوای بكەیت بە پەیوەندیكردن بەژمارە تەلەفۆنی0845 850 1166<br>○ Scottish Refugee Council یش واهەیە بتوانێت لەم بارەیەوە یارمەتیت بدات. بۆ چۆنیەتی پەیوەندیكردن بە Scottish Refugee Council سەیری لاپەرە 7 بكە. |
| **Can my family get health care from the NHS?**<br>• **If you are registered as an NHS patient, your husband, wife or civil partner, and any of your children who live in Scotland with you, can also get health care from the NHS**. The children must be aged under 16, or under 19 and in full-time education.<br><br>Staff at the GP surgery will ask you to complete a form for your husband, wife or civil partner and for any children. You may need to show your marriage or civil partnership certificate, and birth certificates for your children.<br><br>• **Any other members of your family** may be able to get health care from the NHS, but they will need to prove that they have their own right to NHS care. | **ئایا خێزانەكەم بۆی هەیە چاودێری تەندروستی لە NHS وەربگرێت؟**<br>• **ئەگەر تۆ خۆت وەك نەخۆشی NHS ناونووس كردبێت ئەوا هاوسەرەكەت یاخود هاوسەری مەدەنیت و منالەكانت كە لە سكۆتلاندە لەگەڵت دەژین ئەوانیش دەتوانن چاودێری تەندروستی لە NHS وەربگرن**. منالەكانت دەبێ تەمەنیان لەخوار 16 ساڵ یاخود 19 ساڵی بێت و تەواوی رۆژ لە خوێندن دا بن.<br><br>كارمەندانی عیادەی GP داوات لـێ دەكەن كە فۆرمێك بۆ مێردەكەت یاخود ژنەكەت یاخود هاوسەری مەدەنیت و منالەكانت پر بكەیتەوە. لەوانەیە پێویست بكات كە بەلگەنامەی هاوسەری یاخود هاوسەرێتی مەدەنی و بەلگەنامەی لەدایك بوونی منالەكانت پیشان بدەیت.<br><br>• **لەوانەیە ئەندامانی تری خێزانەكەت** بۆیان هەبێ چاودێری تەندروستی لە NHS وەربگرن، بەڵام دەبێ بیسەلمێنن كە خۆیان مافی چاودێری NHS یان هەیە، نەک وەک ئەندامی بنەماڵەكەی تۆ. |
| **What happens if I am not registered as an NHS patient?**<br><br>• If you are not registered as an NHS patient, you can still get some health care from the NHS.<br><br>**Services that are free for everyone include:**<br>○ emergency care in a hospital (in the accident and emergency department, casualty department or minor injury unit)<br>○ emergency care at a GP surgery<br>○ emergency transport in an ambulance | **ئایا چی روودەدات ئەگەر وەك نەخۆشی NHS ناونووس نەكرابێتم؟**<br>• ئەگەر وەك نەخۆشیNHS ناونووس نەكرابیت ئەوا هێشتا هەر دەتوانیت بەشێك لە چاودێری تەندروستی لە NHS وەربگریت.<br><br>**ئەو خزمەتگوزاریانەی كە خۆراییە بۆ هەمووان ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:**<br>○ چاودێری لەكاتی فریاگوزاری لە نەخۆشخانە (لەبەشی رووداو فریاكەوتن, بەشی رووداوەكانی كتوپڕ یا یەكەی برینداریی بچووك)<br>○ چاوەدێریی فریاگوزاریی لە دیدەنگایەكی GP<br>○ گواستنەوەی فریاگوزاری بە ئامبولانس |

| | |
|---|---|
| ○ sexual health services<br>○ treatment for some infectious diseases and sexually transmitted infections. | ○ خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی سێکسی<br>○ چارەسەرکردنی هەندێ نەخۆشی درم و ئەو نەخۆشیانەی لەرێگای سێکسەوە بڵاو دەبنەوە. |
| **How can I find out more?**<br><br>• **Phone Scottish Refugee Council** on 0800 085 6087 or look on the internet (www.scottishrefugeecouncil.org.uk).<br><br>• **Phone the UK Border Agency** on 0141 555 1200 or look on the internet (www.ukba.homeoffice.gov.uk).<br><br>• **Phone the NHS inform Helpline on 0800 22 44 88** (textphone 18001 0800 22 44 88) for information about health conditions and services. The helpline can provide an interpreting service.<br><br>• **Contact your local citizens advice bureau** for confidential, impartial and independent advice about almost anything, including NHS services and your rights. To find your nearest branch, look in your phone book or on Citizens Advice Scotland's website (www.cas.org.uk). | **لەکوێ زانیاری ترم دەست دەکەوێ؟**<br>• تەلەفۆن بکە بۆ **Scottish Refugee Council** لەسەر ژمارە تەلەفۆنی 0800 085 6087 یان بچۆ سەر ماڵپەری (www.scottishrefugeecouncil.org.uk).<br>• تەلەفۆن بکە بۆ **UK Border Agency** لە سەر ژمارە تەلەفونی 0141 555 1200 یا لە سەر ئینتەرنێت چاو بگێرە بۆ ئەم ئەدرەسە: (www.ukba.homeoffice.gov.uk).<br>• بۆ زانیاری سەبارەت بە خزمەتگوزاری و باری تەندروستی **پەیوەندی بکە بە** NHS inform Helpline **وە لەسەر ژمارە تەلەفۆنی 0800 22 44 88** (تێکست فۆنی ژمارە18001 0800 22 44 88). هێڵی یارمەتی دەتوانێت خزمەتگوزاری موتەرجیم دابین بکات.<br>• **پەیوەندی بکە بە بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان لە ناوچەکەت** بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری خۆمانە، بێ لایەن و سەربەخۆ لەبارەی کەم وزۆر هەمووشتێک،بە خزمەتگوزاریەکانی NHS و مافەکانتەوە. بۆ دۆزینەوەی نزیکترین لق سەیری پەراوی تەلەفۆن بکە یاخود سەردانی ماڵپەری Citizens Advice Scotland (ئامۆژگاری هاوڵاتیانی سکۆتلاندی) لەسەر ناونیشانی (www.cas.org.uk) بکە. |
| **Other factsheets in this series**<br><br>• Health care for people coming to Scotland to work<br><br>• Health care for people coming to Scotland to study<br><br>• Health care in Scotland for former UK residents now working abroad<br><br>• Health care in Scotland for UK passport holders living abroad | **هەندێ ناملیکەی تر لەم زنجیرەیە**<br>• Health care for people coming to Scotland to work<br>**چاودێری تەندرۆستی بۆ ئەو کەسانەی بۆ کارکردن دێنە سکۆتلەندە**<br>.<br>• Health care for people coming to Scotland to study<br>**(چاودێری تەندروستی بۆ ئەوانەی بۆ خوێندن دێنە سکۆتلاندە)**<br>• Health care in Scotland for former UK residents now working abroad<br>**(چاودێری تەندروستی لە سکۆتلاندە بۆ دانیشتووانی پێشووی بەریتانیا کە ئێستاکە لە دەرەوەی وڵات کار دەکەن)**<br>• Health care in Scotland for UK passport holders living abroad<br>**(چاودێری تەندروستی لە سکۆتلاندە بۆ هەلگرانی پاسپۆرتی** |

- Health care for UK pensioners visiting Scotland
- Health care in Scotland for holidaymakers from overseas.

**بەریتانی کە لە دەرەوەی وڵات دەژین)**

- Health care for UK pensioners visiting Scotland
**( چاودێری تەندروستی بۆ خانەنشینی بەریتانی کە سەردانی سکۆتلاندە دەکەن)**
- Health care in Scotland for holidaymakers from overseas
**(چاوەدێری تەندروستی لە سکۆتلەندە بۆ خەڵکانی لاوەکی وا بۆ هۆلیدەی هاتوونە ئێرە).**

You can get these factsheets in another language or format from:

- anywhere you get NHS care
- www.nhsinform.co.uk
- www.hris.org.uk
- the NHS inform Helpline on 0800 22 44 88 (textphone 18001 0800 22 44 88)

ئەم نامیلکانە بە زمانی تر و شێوازی تریش دەست دەکەوێت لە:

- هەر شوێنێك كە چاودێری NHS ی لـێ وەربگریت
- www.nhsinform.co.uk
- www.hris.org.uk
- NHS inform Helpline لەسەر ژمارە تەلەفۆنی 88 44 22 0800 (textphone 18001 0800 22 44 88)

## Feeling unwell?

- **Go to a pharmacy** and ask for advice. To find your nearest pharmacy, phone the NHS inform Helpline on 0800 22 44 88 or look on the internet (www.nhs24.com).
- **Visit the NHS 24 website** at www.nhs24.com for health information and advice.
- **Contact the GP surgery** where you are registered. If you need an interpreter, ask the GP surgery to arrange this for you.
- **Phone NHS 24 on 08454 24 24 24** or look on the internet (www.nhs24.com) if the GP surgery where you are registered is closed, or if you are not yet registered as an NHS patient. NHS 24 can provide an interpreting service.

**In an emergency (if your condition is very serious), phone 999 and ask for an ambulance.**

## هەست دەکەیت ناساغیت؟

- **برۆ بۆ دەرمانخانە** و داوای ئامۆژگاریان لـێ بکە. بۆ دۆزینەوەی نزیکترین دەرمانخانە لەخۆتەوە تەلەفۆن بکە بۆNHS inform Helpline لەسەر ژمارە تەلەفۆنی 0800 22 44 88 یان سەردانی ماڵپەری (www.nhs24.com) بکە.
- بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری و زانیاری تەندروستی **سەردانی ماڵپەری NHS 24 بکە لە** (www.nhs24.com).
- **پەیوەندی بکە بەوعیادەی GP یەی** کە خۆت لەلای ناونووس کردووە. ئەگەر پێویستت بە موتەرجیم بوو داوا لە دیدەنگاکە بکە کە موتەرجیمت بۆ ئامادە بکات.
- ئەگەر ئەو عیدادەیەی کە تۆی لا ناونووس کراوە داخرا بوو یاخود ئەگەر هێشتاکە خۆت وەك نەخۆشـی NHS ناونووس نەکردبوو، **ئەوا تەلەفۆن بکە بۆ NHS 24 لەسەر ژمارە تەلەفۆنی 08454 24 24 24** یاخود سەردانی مالپەری (www.nhs24.com) بکە. NHS 24 دەتوانێت موتەرجیمت بۆ دابین بکات.

**لەکاتی فریاگوزاری (ئەگەر حاڵەتەکەت زۆر ترسناك بوو) تەلەفۆن بکە بۆ ژمارەی 999 و داوای ئامبولانس بکە.**

| | |
|---|---|
| We have tried our best to make sure that the information in this factsheet is correct. However, the factsheet is for guidance only so you should not rely on it as a complete statement of the law. If you are thinking about taking legal action, you should contact a solicitor, a citizens advice bureau or any other advice agency. | ئێمە هەموو هەوڵێکمان داوە بۆ دڵنیابوون لەوەی گشت زانیاریەکانی ناو ئەم نامیلکەیە راست و تەواو بێت. بەڵام ئەم نامیلکەیە تەنها بۆ ڕێنومایییە بۆیە نابێ وەك راگەیاندنێکی تەواوی یاسا پشتی پێ ببەستیت. ئەگەر بیر لە ئەنجامدانی کارێکی یاسایی بکەیتەوە دەبێ پەیوەندی بکەیت بە پارێزەر یان بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان یان هەر ئاژانسێکی تری یاسایی. |
| Email ask@hris.org.uk to ask for this information in another language or format. | بۆ پرسیار سەبارەت بەم زانیارییانە بە زمان یا فۆرماتێکی تر، ئیمەیل بنێرە بۆ:<br>ask@hris.org.uk |
| Produced by Health Rights Information Scotland, a project of Consumer Focus Scotland, for the Scottish Government Health Directorates.<br>Version 4 - Produced in October 2011 - Revision date October 2012 | ئەم نامیلکەیە لەلایەن Health Rights Information Scotland (زانیاری مافی تەندروستی سکۆتلاندە) دەرکراوە، وەك پرۆژەیەکی Consumer Focus Scotland, بۆ Scottish Government Health Directorates (وەزارەتی تەندروستی حکومەتی سکۆتلاندی).<br>چاپی 4- کە لە مانگی تشرینی یەکەمی 2011 دەرکراوە. ڕێکەوتی چاوپیاخشاندنەوە مانگی تشرینی یەکەمی 2012. |